# تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم

## وەرەق دابنێ و کلینکس وەرگرە




لــە زۆر لــە ئیدارەکانــدا، ئامێرێــك هەیە بــۆ وردکردنی کاغەزی بێ کەڵك، یان ئەو ئەو کاغەزانەی ناتهەوێ ناوەڕۆکی سەر کاغەزە بڵاو ببێتەوە. ئەو ئامێـــرەی لە وێنەیـــەدا دەیبینن سەرەڕای ئەوەی کە کاغەزەکە ورد دەکات، دەشـــیکات بـــە بە کلیکنـــس. ئیدی پاشـــماوەی کاغەزە وردکـــراوەکان بە فیڕۆ ناچن. گەر 40 لاپەڕی A4ی تێبخرێ، لوولەیەکی کلینکسی لێ بەرهەم دێت.

## کیبۆردێک بۆ هۆگرانی کورتە پەیام



لەم ســـەردەمەدا تەکنەلۆژیا بەرەو لەمســـی بـــوون دەڕوات، ئێستاکە SMS نووسین بەهۆی کیبۆردە لەمسییەکانی مۆبایل زۆر ئاسانتر بووە. بەڵام ئەو کیبۆردەی کە لـــە وێنەکە دا دیارە کیبۆردێکی بچووکە تایبەت بە مۆبایل و بەهۆی بلوتوســـەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەندیان دەبێت. بەهۆیەوە بە ئاســـانی دەکرێ کورتە پەیامی پێ بنووسن.

## پێڵاوی ئینتەرنێتی




ئەو پێڵاوەی دەیبینن پێڵاوێکی ئاسایی نییە، بگرە وەك زۆر لە ئامێـــرەکان پەیوەندی لەگەڵ ئینتەرنێت هەیە. پێڵاوەکە کە بە Rambler ناسراوە، هەر هەنگاوێك کە بە ڕێگادا بڕۆی لە سایتی "تویتەر"دا تۆماری دەکات. بەم شێوەیە دەزانی لـــەم ماوەیەدا چەند هەنگاوت ناوە.



## ئای فۆنی چوکلێتی

لـــەو کاتەوە هاندی جـــۆری iphone هاتۆتە بەرهەم، وەك یەکێك لە باشـــترین هاندەکانی مۆبایل ســـەیر دەکرێ، هەربۆیە ڕۆژانـــە لە جیهانـــدا پرۆگرامی نوێی بۆ بەرهـــەم دێت. لێرەدا مەبەســـتمان نییە هاندی ئایفۆن یـــان یەکێك لە پرۆگرامەکانی ئایفۆنتان پێ بناســـێنین، باس لە کەیسێك دەکەین کە تایبەت بە ئایفۆن هاتۆتە بەرهەم. کۆمپانیایەکی ژاپۆنی کەیسێکی تایبەت بە ئایفۆنی دروســـت کردووە، کە وەك چوکلێتێکی کەکاو دەچێت، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کەیســـەکە بۆنی چوکلێتیشی لێ دێت! کێ دەڵێ تامیشی لە چوکلێت ناچێت؟!

## پرینتەرێکی بێ وەرەقە


لەم ماوەیەدا پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای سەردەم، پرینتەرێکیان داهێنـــاوە کە هیچ چەشـــنە حیبر یان تۆنەرێکی تێـــدا نییە، ئەو پرینتەرە کە بە Prepeat ناســـراوە بەهۆی ئەو تەکنەلۆژییەی تێدا بەکارهاتووە دەتوانێ لەسەر کاغەزێکی پلاستیکی بەبێ حیبر بنووسێت. ئەو کاغەزە تایبەتەی کە بۆ ئەم پرینتەرە داندراوە دەتوانێ تاکو هەزار جاربســـڕێتەوە و لەســـەری بنووســـرێتەوە. پرینتەرەکە نرخەکەی زۆر لەسەرێیە، نزیکەی 6 هەزار دۆلارە. هەروەها نرخی وەرقەیەکی پلاستیکی ئەو پرینتەرە 3 دۆلارە.





هەرزانترین دۆمەین و هۆستینگ
DOMAIN4KURDS
www.domain4kurds.com

# گەشتێک بە جیهانی ئینتەرنێتدا




## ناساندنی سایتی www.forvo.com

ئەوکەسانەی کە نیازیان هەیە زمانێك فێر بن، گرفتێکی سەرەکییان ئەوەیە ناتوانن دەستەواژەکانی زمانی مەبەستیان بەو جۆرەی پێویستە دەرببڕن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە بیهەوێ لەرووی کتێبەوە فێری زمانێك بێت. سایتی http://www.forvo.com راست بۆ ئەو مەبەستە داندراوە. لەو سایتەدا زۆربەی زمانەکانی جیهانی تێدایە تەنانەت زمانی کوردی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروی تێدایە کە بە فۆنتی لاتین و عەرەبی وشەکان نووسراون. لەو سایتەدا پاش ئەوەی کە زمانی مەبەستی خۆت هەڵبژارد دەستەواژەکانی تایبەت بەو زمانە دەدۆزیەوە. هەر وشەیەك لە سایتەکە دا نەبێ دەتوانی خۆت بە مایکرۆفۆن داخلی سایتەکەی بکەی. تاکو ئێستا لەو سایتەدا 430 هەزار وشە لە 231 زمانی تێدایە.

## Iped ئامێرێک لە خزمەت رۆژنامەنووسان



لەم هەفتەیەی رابردوودا، کۆمپانیای ئەپل یەکێك لە داهێنانە گرنگەکانی خۆی لە پێشانگایەك لەشاری فرانسیسکۆ نیشاندا. "ئای پێد" ناوی ئەو بەرهەمەیە کە دەکرێ بڵێین چەند هەنگاوێك لە ئامێری کۆمپیوتەر لە پێشترە. باشترە بەو ئامێرە بگوترێ لاپتۆپی هۆشمەند. بەو ئامێرە لەمسییە دەتواندرێ سەیری فیلم بکرێ، گەمەی پێ بکرێ و باشترین ئامێریش بێ بۆ گەڕان لە جیهانی ئینتەرنێتدا.

تایبەتمەندی "ئای پێد" هەر ئەوەندە نین کە ئاماژەمان پێدان، ئەو ئامێرە وەك باشترین کتێبخانەی ئەلکترۆنی سوودی لێ دەبیندرێ، بۆ رۆژنامەنووسان و ئەوانەی کاری میدیا دەکەن جێگای کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دیکە دەگرێتەوە. ئامێرەکە کیبۆردی لەگەڵدا نییە، بەڵام بەهۆی کیبۆردە لەمسییەکەی کاری تایپی پێدەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی کیبۆردی بۆ داندراوە. باترییەکەی تا 10 کاتژمێر دانابەزێت. وەك باس دەکرێ تاکو ئێستا 140 هەزار پرۆگرامی بۆ دروستکراوە. "مارتین نیسنولنز" یەکێك لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای ئەپل لەبارەی ئەو داهێنانەوە گوتی: "بەهۆی ئەو ئامێرەوە ئێمە پێشەنگی رۆژنامەنووسی دیجیتاڵین".

## ناساندنی پرۆگرامی WinAvi Video Converter

ئەوەی کە شارەزای فایلەکانی دەنگ و رەنگ بێت، دەزانی جۆری فایلەکان گەلێکن، هەرکامیان بە فۆرماتێکی تایبەت بەخۆیان خەزن کراون، ئەوەش یەکێکە لە گرفتی فایلە دەنگی و رەنگییەکان، چونکە زۆر لە پرۆگرامەکانی بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگی و رەنگی گشت فۆرماتەکان ناخوێننەوە. بۆ ئەوەی فۆرماتی فایلێك بۆ فۆرماتێکی دیکە بگۆڕی، گەلێك پرۆگرام هەن. یەکێك لە پرۆگرامە بە سوودەکان پرۆگرامی WinAvi Video Converter. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ زۆربەی فۆرماتەکان بۆ یەکتر بگۆڕدرێن. بەهۆی پرۆگرامەکە کە بە ئاسانترین شێوە و لە ماوەیەکی کەمدا فۆرماتێك دەگۆڕی.

هەندێك لە توانا تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی WinAvi Video Converterئەوانەن:

-گۆڕینی فایلەکانی دەنگی بۆ سەر DVD
-گۆڕینی فایلەکان بۆ سەر VCD
-گۆڕینی فایلەکانی فلاش (SWF).
-توانای کۆپی کردنی راستەوخۆی فایلەکە پاش گۆڕنی فۆرماتەکەی.
-نیشاندانی فایلەکە لەکاتی گۆڕیندا.....





هەرزانترین دۆمەین و هۆستینگ
DOMAIN4KURDS
www.domain4kurds.com